سەماحەتی حەکیم .. پەیوەندی عەرەب و کورد بەشداری لە ڕووخاندنی دیکتاتۆریەت و بنیاتنانی عێراقی تازە کرد

لە میوانخانەی جەنابی شێخ حەسن ئاغا، سەماحەتی عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی چاوی بە چەند کەسایەتییەکی هێزی حەیدەری کوردی کەوت، لەم دیدارەدا کە لە 9-10-2023 ئەنجامدرا بەڕێز حەکیم باسی ئەو وەستگە هاوبەشانەی کرد کەلەگەڵ ئەو هێزە لە بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆریەت و بنیاتنانی عێراقی تازە کەیکردوونەتەوە، گوتیشی ئەو پەیوەندییە یەکێك بوو لە هۆکارەکانی ڕووخاندنی دیکتاتۆریەت و بنیاتنانی ڕژێمی دیموکراتییەتی عێراقی تازە.

سەماحەتی ڕوونیشی کردەوە کە سروشتی ئەو دەستکەوتانەی بەدەستهاتبوون لەوانە نوێنەرایەتی کورد لە دەوڵەت وەك سەرۆك کۆمار و چەندین وەزیر و سەربازی ئەمنی و سەرکردەی ئەوە واتای دان پێدانانە بەزمانی کوردی وەك دووەمین زمانی فەرمی لە وڵاتدا، هەروەها گوتیشی کورد هاوبەشێکی سەرەکین لە بناغەی دەوڵەتی عێراقی تازەدا.

سەماحەتی ئاماژەی بە سروشتی ئەو ڕووبەڕووبوونەوانە کرد کە ڕووبەڕووی عێراق هاتوە وەك تیرۆر و پێکدادانی خۆبەخۆیی گەلێ و دووپاتی کردەوە کە عێراق ئەو کێشانەی تیپەڕ کرد و ئێستاش بەپرسیارێتی ئاوەدانکردنەوەی عێراق و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە ئەستۆی هەمووان دا دەبێت.

لەکۆتاییدا سەماحەتی حەکیم داوای کرد هەڵوەستەیەك لە چەند وەستگەیەکی مێژوویی بکرێت ، گوتی دەبینین کە مێژوو ئێستا دروست دەکات و داڕشتنیش بۆ داهاتوو دەکات، گوتیشی ئەو وەستکانە گرنگن و گەواهیدەری گرنگی یەکگرتن و یەکبوونی هەموو پێکهات عێراقییەکانی تێدا بەرجەستە دەبێت.